## دەنگدان بە بارزانی !



بێستون محەمەد ساڵح

**لە پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوە:**
**لە دەقی مادەی) ٦١ (دا دەڵێت: (سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی دەنگدانی گشتی، نهێنی راستەوخۆوە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێ، بەوشێوەیەی کە یاسا دیاری دەکات.(**

**لەدەقی مادەی (٦٤) دەڵێت: (ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵە، کە لەڕۆژی سوێند خواردنی دەستوریەوە دەستپێدەکات و دەکرێ بۆ ویلایەتی دوەمیش هەڵبژێرێتەوە، لەڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستورە.(**

**بۆ دەسەڵات. هیچ ناڵێم چونکە یاسای جەنگەڵ و خێڵ لای ئێوە پیادە دەکرێت!**

**بۆ ئۆپۆزسیۆن. سەرەڕای نارەزایتان لە پرۆژە دەستوری هەرێم، بەو هەمو خراپیەوە دەستورەکە وادەڵێت.**

**رازیبونتان بە درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکی هەرێم لەویلایەتی خۆی ...مردن و فەنا بونی خۆتان ئیعلان ئەکەن.**

**لەژێر هەر پاساوێکدا رازیبونتان هەڵەی نەتەوەیی و نیشتمانیە. خیانەتە لەفەزای دیموکراسیەت و متمانەی هاوڵاتیان دەدۆڕێنن، باوەڕنەبونە بەکێبڕکێ و ململانێی فەزای گشتی بۆ هاوبەشی و رێزو بەهای دەنگی هاوڵاتی کوردو بێ ئەرزشکردنی سەروەری دەستورو یاساو بەها ئەخلاقیەکانە.**

**رازیبونتان تەسلیم بونە بە یاسای جەنگەڵ و بنەماڵەو خێڵ!**

**رێگە مەدەن کۆبونەوە بۆ ئەو پێشنیارە ئینتحاریە بڕەخسێت. کۆبونەوەتان کردنەوەی دەرگای مساومەیە لەسەر بەهای دەنگی هاوڵاتی.**

**ئەمە چاڵێکی قەیرانە گەورەکەی دەسەڵاتە کە دەیانەوێت لەترۆپکا پەراوێزتان بکەن.**

**خۆشەویستی بۆ کورسی و دەسەڵات، ئالودەبونە بەئەفیونی دیکتاتۆریەت!**

**لە هەواڵێکی سەیرو سەمەرەدا هەفتەی دادێ یەکێتی و پارتی وەفدێک دەنێرنە خزمەت ئۆپۆزسیۆن بۆ درێژکردنەوەی وادەی دەسەڵاتی سەرۆکی پارتی وەک سەرۆکی هەرێم بۆ ساڵێک یاخود دو ساڵی داهاتو!**

**نەوشیروان مستەفا لە دوا پەیامیدا دو هەڵەی مێژوی کوتایەوە بەچاوی پارتیدا، هۆشداری مەدەنیانەی بۆ ئەگەری کردنی هەڵەی سێهەم کە پرۆژە دەستوری هەرێمە بخرێتە بەردەم ریفراندۆمەوە بەمەبەستی پەسەند کردنی!**

چونکە نەوشیروان مستەفا پێیوایە دەستور بڕبڕەی ئیدارەدانی دەوڵەتە، ئیدی پێویستە ئەم پرۆژە دەستورە ئیجماعی نیشتمانی لەسەر بێت، لەدو ئەگەردا لە پەرلەمان یاخود لەدەرەوەی پەرلەمان!

بەڕوای بەندە. ئەم دیدو پێشنیارە ئینتیحاریەی یەکێتی و پارتی بۆ ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بەدرێژکردنەوەی وادەی سەرۆکی پارتی و سەرۆکی هەرێم لەهەمان کاتدا هیچی کەمتر نیە لەو هەڵانەی نەوشیروان مستەفا باسی لێ دەکات!

هەر لایەن و قەوارەیەکی ئۆپۆزسیۆن بەهەر پاساوێک ئەرێ بۆ ئەو دیدە بکات، سەرتاپای غەرقی ئەفەرۆزکردن و پوکانەوە لەلایەن میللەتەوە دەبێت، ئیدی دۆست و هەوادارو لایەنگرانی خۆیان بێ یاخود تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێت!

پشت پەردەی ئەم دیدە ئینتیحاریە دوا بزمارە لەتابوتی دیموکراسی!

هەرکەس و لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن دەنگ و ئەرێی بۆ ئەو دیدە داخراوە وابەستەیە بکات، نە لەسیاسەت دەزانێت، نەڕای گشتی مەبەستە، نە ستراتیژیەتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە، نەبڕوای بەدەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە!

وەک هاوڵاتیەکی سادەی ئەم نیشتمانە. هەرکەس و لایەنێک ئەرێی بۆ ئەو دیدە بکات، بێ ڕتوش بێ پەردە، ئەوەی بەقەڵەمەکەم بکرێ، بە فکری متەوازعی سادەو ساکارم بکرێ دەستتان لێ ناپارێزم!

نەکەن! ... نەکەن!...

هەر کات ئۆپۆزسیۆن ئەوەی کرد، ئیدی چوارساڵە ئەوەی وتویانە لەسەر سەهۆڵ بۆتان دەنوسرێت!

هەی هاوار خەڵکینە ....ئەم یاسای جەنگەڵ نیە؟!

ئەمە جەهل و جەهالەت نیە؟.!